www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:31 3-2-2007

## رۆڵی رابەرانی ئایینی لە بزاڤی رزگاریخوازی کورددا، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری وەک نموونە .... ئاسۆ ئازاد

## سەراوی - بەشی سێهەم و کۆتایی

هەر چۆنێك بێت شێخ عوبەیدوڵڵا کاتێك نزیکی شاری (ورمێ) بویەوە چەند نوێنەرێکی خۆی ناردە ناو شار بۆ دانوستان بە مەرجی خۆ بەدەستەوەدان، حاکمی شاریش فەرمانی دا کە نمایندەکان بکوژرێن، ئەمەش رقی کوردیی وروژاند و چونە شارەکە و بە پێی هەندێ سەرژمێری نزیکە (300) کەسیان کوشت و گەورەترین هەڵە بوو کە هێزەکانی شێخ کردیان و حکومەتی ئێرانیش خراپ سودی لێ وەرگرت بۆ ناشرین کردنی جولانەوەکە لە ناوەندە رەسمییەکاندا. بەلام خەڵکی شار بە سەرۆکایەتی (ئیقبالودەولەی) بەرگرییەکی سەختیان لە شارەکە کردوو نەیاندا بەدەستەوە.

هەر لەو کاتەدا دکتۆر (کۆهرانی) کە لە کۆمسیۆنی موژدەبەرانی ئەمریکایی کاری دەکرد چووە لای شێخ و تکای لێ کرد مەرجەکانی خۆ بەدەستەوەدان روون بکاتەوە و ئاگاداریی پێدا کە نابێت هیچ زیانێك بە (فەلەکان و گاورەکانی) شار بگات، داوای لێ کرد پێویستە بۆ ماوەی (24) سەعات هەڵمەتەکەیان بۆ سەر شارەکە رابگرن، تا ماوەی خەڵك بدرێت لە شارەکە دەرچنە دەرەوە، بەلام ئەمە پلانێکی نێوان دکتۆر کۆهران و فەرماندەی سەربازیی ئێران بوو، ئەوان دەیانزانی یارمەتی ئێرانی بەرێوەیە و ویستیان ئەم دەرفەتە وەربگرن، هەتا لە ئازەربایجانی رۆژئاوا ئەو هێزە بۆ شکاندنی گەمارۆکەی سەر ورمێ، ئەمەش بە کردەوە روویدا و شێخیش ئەو دەرفەتە مێژوییە گرنگەی لەدەست دا، دواجار شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئێران شکایەوە، چونکە هێزەکە گەیشت و چەکی بەسەر جەنگاوەراندا دابەش کرد، ئیتر بۆ ماوەی دە رۆژ شەڕ قەوما بە بێ ئەوەی هێزەکانی شێخ بتوانێت سەرکەوتنی تێدا بەدەست بهێنن و، بگرە بە پێچەوانەوەی شێواوی و لێك ترازان بە ئاشکرا بە هێزەکانیان دیار بوو، ئەو هێندەی کە هاتبوو بۆ فریاکەوتنی شار (هێزە ئێرانیەکە) لەسەر دەستی ئەفسەرانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئیتاڵیا و نەمسا و رووس مەشقیان پێکرا بوو، بەم تەرزە سوپای ئێران توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن و بکەونە راوەدوونانی شۆڕشگێڕانی کورد، چونکە ئەو هێزانەی کە بۆ تالانی هاتبوون مەیدانی شەڕەکەیان بەجێ هێشت ئەمەش کاریگەری مەعنەویی لەسەر هێزەکان هەبوو.

لە لایەکی تریشەوە عوسمانییەکانیش کەوتنە خۆیان و هێزەکانی خۆیان لە کوردستان قایمتر کرد و کەوتنە گەمارۆدانی هێزەکانی شێخ، بەم جۆرە شێخ عوبەیدوڵڵا روانی هێزەکانی کەوتوونەتە نێوان بەرداشی هێزەکانی عوسمانی و شا و خێڵە کوردە نەیارەکانی شێخ، ئەوجا فەرمانی دا بەسەرکردەکان کە لەشکر لە ناو ئێران بکێشێتەوە.

لە دوای گەڕانەوەی شێخ بۆ بارەگاکەی خۆی، داوای لە پاشماوەی هێزەکەی کرد، کە بڵاوەی لێ بکەن و ئەو کات حکومەتی ئێرانی داوای لە حکومەتی عوسمانی کرد سەرانی شۆڕش دەستگیر بکات، لەوانەش شێخ عوبەیدوڵڵا و، هەریەك لە حکومەتەکانی نەمسا و بەریتانیا لەم داواییەدا پشتگیری ئێرانیان کرد، لەگەڵ ئەوەدا ئەم داوایەی سەری نەگرت، چونکە عوسمانییەکان دەیانویست لە کاتی موبادەرەی سیاسیدا لەگەڵ ئێران وەك کارتی فشار بەکاری بهێنێت.

شێخ عوبەیدوڵڵا لە و کاتەدا داوای یارمەتی لە کونسوڵی رووس کرد بۆ یارمەتی، بەلام وەڵامیان نەدایەوە و جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە شێخ خۆی بخاتە بەردەم دوڵەتی عوسمانی، چونکە ئەو کاتە پەیوەندی نێوان رووس و عوسمانییەکان باش بوو و ئەو زلهێزانە وەك هەمیشە نایانەوێ بەرژوەندی خۆیان بخەنە مەترسییەوە لەبەر مەسەلەیەکی ئەخلاقی یان مرۆڤایەتی.

لەکۆتاییدا شێخ ناچار کرا بچێتە لای سوڵتان و لەگەڵ گەیشتنی شێخ عوبەیدوڵڵا بە پایتەختی عوسمانی ئیدی جەنگی دیبلۆماسیی توند لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران هەڵگیرسا، ئێران بە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕێنمایی رووس دەیویست زیانی ئەو هێرشەی شێخ (عوبەیدوڵلا) ی بۆ ببژێرن، شێخ لە گەرمەی ئەو جەنگە دیبلۆماسیەدا لە ئەستەمبوڵ رایکرد بە بەرگی بازرگانی و پەساپۆرتێکی دروستکراو سواری پاپۆرێکی شەرکەری (پاك) ی فەرەنسی دەبێ و خۆی دەگەیەنێتە (پۆتێ) و لەوێوە دەچێتەوە کوردستان و هەرکە هەواڵی گەیشتنی بڵادەبێتەوە، کوردستان جوڵەی تێدەکەوێت، چەند عەشیرەتێك چەکدارەکانی خۆیان کۆ کردەوە و بەو پەڕی رێزەوە چوون پێشوازی لە شێخ بکەن، شێخ (عەبدولقادر) ی کوڕی هێزێکی بە چەند هەزار کەسییەوە چوو بە پیری باوکییەوە، کە ئێران بەمە دەزانێت یەکسەر هاواری لێ هەڵدەستێت و، رایدەگەیەنێت کە حکومەتی عوسمانیی خۆی لە پشت راکردنی شێخەوەیە.

شێخ لەو کاتەدا ویستی سود لە کات وەربگرێت و سەرۆکە کوردەکان ئامادە بکات بۆ راپەرینێکی نوێ و لە لایەکی تریشەوە دەستێك بەسەر قەڵاکانی ناوچە دراوسێکانی بهێنێتەوە و، نۆژەنیان بکاتەوە، کاتێك حکومەت بەمەی زانی کۆلۆنێل (یوسف بەگ) ی نارد بۆ ئەوەی بە رەسمی داوا لە شێخ بکات کە واز لە شەرکردن بهێنێت، بەڵام لەو هەوڵەیدا سەرکەوتوو نەبوو، دواجار (کەمال بەگ) ی سێ یەم سکرتێری سوڵتان چووە (وان) بۆ ئەوەی داوا لە شێخ بکات لە یەکێك لە شارە پیرۆزەکانی عەرەب نیشتەجێ بێت، بەرامبەر بەوەش دەوڵەت خەرجییەکەی دەخاتە ئەستۆی خۆی، و مانگانە بڕی (150) هەزار لیرەی بۆ دەبڕێتەوە، بەڵام شێخ ئەم داوایەی رەت کردەوە و، چووە قەڵاتی (ئۆرمار) و خۆی قایم کرد، ئینجا عوسمانییەکان بە پەلە هێزەکانی خۆیان گەیاندە قەڵاکە و ئابڵۆقەیان دا، (شێخ) یش بۆ ئەوەی خوێن نەرژێت، ناچار خۆی بەدەستەوە دا ئەوەبوو گرتییان و نەفییان کرد بۆ شاری (مەککە)، لە ئۆکتۆبەری (1883) دا بە نەفی کراوی لەوێ کۆچی دوایی کرد. بەم جۆرە ئەم شۆڕشەی کوردیش تاوایەوە و لە ناو چوو.

هۆکارەکانی شکستی شۆڕشەکە:

1- نەبوونی نەخشەیەکی رێکوپێك بۆ چۆنیەتی دەست پێکردنی شۆڕش.

2- نەبوونی رێکخراوێکی سیاسی یان دەزگایەکی بەڕێوەبردن بۆ رێکخستنی کاروباری ناو وڵات.

3- نەبوونی یەکریزی لە نێوان ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە شێخ لای وابوو هەموویان بە راست و نیازی پاکەوە لە گەڵی دان.

4- رۆڵی وڵاتانی بیانی، بە تایبەتی رووسیا و باڵوێزەکانی بەریتانیا، کە هانی حکومەتی ئێرانیان داو فشاریان بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانیی دەهێنا، کە شکست بەو شۆڕشە بهێنن.

5- هێزەکانی شێخ نەیانتوانی سوود لە باڵادەستی خۆیان لەناوچەی (موکری) وەرگرن و شاری (ورمێ) بگرن، هەتا بارودۆخێکی وەهایان بەدەست بهێنن کە فشار لەسەر دەوڵەتی ئێران دروست بکات و ناچاری بکات کە وتووێژ وگفتوگۆ لەگەڵ شۆڕشگێڕان بکات.

6- هەندێ لە هێزەکانی شێخ کەوتنە هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی دەسکەوتی شەخسی و تاڵانکردن و فەرامۆش کردنی فاکتەری نەتەوەیی.

7- سەرباری ئەوە سوپای کورد لە چەند خێڵێك پێکهاتبوو، چەکی قورس و تۆپخانەیان نەبوو.

8- کەوتنی لە ناکاوی بزاڤەکەی شێخ عوبەیدوڵلا، دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی شارەزایی شێخ بە شەڕی پارتی زانی و داواکردن لە لایەنگرانی بەوەی بگەرێنەوە ماڵی خۆیان.

9- شێخ باش لە زمانی دیبلۆماسی و پڕ لە فرتوفێڵی سیاسیی باڵوێز و مسیۆنەرەکان نەدەگەیشت و دوا جار بووە نێچیری دۆستایەتی پڕ لە فێڵی (دکتۆر کۆهران و قۆنسوڵ ئابۆت) هتد... هەروەك میستەر (سبیر) دەڵێت" ئەگەر شێخ گوێی بە داواکاریی ئێمە نەدایە و (24) کاتژمێر هێرشەکەی دوا نەختایە، ورمێ دەگیرا و ئەوەی ئێمە لە ئاکامەکەی دەترساین دەهاتە دی".

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.